نەسە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە خەلیج هێنا



لە یاریەکانی هەفتەی 16ی خولی سعودیە، خەلیج لە یاریگای خێدا میواندارای نەسەی کرد.

لە گەمی یەکەم، نەسە بە تەواوی کەنترۆڵی یاریەکەی کردبوو بەڵام لە گۆڵ تەمارکردن سەرکەوتوو نەبوون.

لە گەمی دووەم، لە خولەکی 65 رۆناڵدۆ بە گۆڵێک یانەکەی پێشسخت بەڵام لە خولەکی 80 فەرتەنیش بە لێدانی سزا ئەنجامەکەی بە خەلیج یەکسانکردەوە، خۆشی ئەو گۆڵە تەنیا یەک خولەکی خایاند و لە خولەکی 81 سوڵتان غەنام دووبارە یانەی خاوەن یاریگای پێشخست.

لە کۆتایەکی یاریەکە و لە خولەکی هەشتی کاتی زیادکراویش، کریستیانۆ رۆناڵدۆ بە سەیەمجار تۆپی گۆڵی خەلیجی هێزاند و سەرەنجامیش نەسە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک بردنەوەی بەدەستهێنا و خاڵکانیان بوو بە 32 خاڵ و چوونە پلەی سێیەمی ریزبەندی بە شەویەکی کاتیی.